کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
7-5-2007 12:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# مۆنالیزا .. گۆشەیەکە ڤینۆس فایەق ئەینووسێت ... (دوعا) کچی من بوو

تێبینی: ئەم بابەتە 4ی مای 2007 لە گۆشەکەم بەناوی (مۆنالیزا) لە ڕۆژنامەی (ئاوێزە) لە ژمارە 47 لە سلێمانی بلاوبۆتەوە..

ئەو دەمەی ژنێك ئەمرێ ئەستێرەیەك لەئاسمان بەر ئەبێتەخوارێ، ئەو دەمەشی ژنێك خۆی ئەکوژێت



گوڵێك ئەخنکێ، ئەو دەمەی ژنێك ئەکوژرێت ئەستێرەیەك ئەکوژێتەوە و گوڵێك خۆی ئەکوژێت.. ئەو دەمەی بە بلۆك (دوعا) شیان کوشت، هەموو ئەستێرەکانی ئاسمان شینیان ئەکرد و سوێندی تاریکیان خوارد، هەرموو گوڵەکانی کوردستان گیانیان لەدەستدا لە ئاست دڕندەیی دڵی پیاوانی خێڵەکی و وەحشیەتی یاساکانی دارستان..

کوشتنی (دوعا) زەنگێکی گەلێ خەتەرناکە لەناو جەنگەڵستانێکی دڕکاویدا رامانئەچڵەکێنێ، ئەو دەمەی هەموو لەسەر ڕانی بێ ئاگایی خەتووین و خوێن بە ژێرماندا ڕەت ئەبێت، ئەو دەمەی لەبەر خۆری بێهۆشی چاومان نووقاندووە و ئازادی خوێنی لەبەر ئەڕوات..

ئاخر (دوعا) کچی من بوو، بەلاَم من کچی ئەو خێڵە نەبووم و نابم، ژنێتیم بێ بەریە لە پیاو، هەناو نەفرەت و نیگەرانی لێ ئەچۆڕێ، دڵم قسەی دەسەلاَت و حکومەت ئەهێنێتەوە، چاوم بە خۆری دیموکراتیەتێکی درۆزن کوێربووە.. ئێ ئاخر (دوعا) کچی من بوو، ئەو دەمەی ئەویش شەهیدبوو هەموو کتێبەکانی لەسەر لێبوردوویی ئایینەکان و ئایینە لیبوردووکان خوێندبوومنەوە عەقڵیان فریودام و گاڵتەیان بە خۆشباوەڕیم ئەهات، گێلەیان پێدەکردم..

گریان بەشم ناکات، مانا جێم ناکاتەوە، هاوار سوکنایی نادات بە دڵی بیمارم، نەدەستم دەگەیشتە دەستیان بیبرمەوە، نەچاوم ئەکەوت بە چاویان ڕیسوایانکەم.. کێ ئەتوانێ بێ بە هانای سکی سووتاومەوە، کێ ئەتوانێ لە رازی بێ رازم تێبگات، کێ دەستی ئەگاتە جەرگی کوڵاوم ساردی کاتەوە..

ئەوەی لێی بێشکم ئەوەیە کوشتنی (دوعا) دەروازەیەکی فراوانی بۆ دەنگی ژن کردۆتەوە، بۆ هاوار و بەگژاچوونەوەی نەگریسی عەقڵی چەوتی کۆمەڵگا، چونکە ئەو ڕووداوە ناشارستانیە چەندین لێکەوتەی سیاسی و ئایینی و کۆمەلاَیەتی لێدەوەشێتەوە، چەندین ڕەهەندی کۆمەلاَیەتی و ئایینی و دواتر سیاسیش هەڵدەگرێ، چونکە ئەوە تەنها کوشتنی کچێك نیە بە تاوانی ئەوەی کوڕێکی خۆشویستووە، ئەوە کوشتنی هەموو ماناکانی پاکی و پاکیزەیی و لێبوردووییە.. ئەگەر لە کۆمەڵگایەکا گەورەبیت و فێری ئەلفوبێی ژیان بیت کەباوەڕی بە خۆشەویستی و عەشق نەبێت ئەوە کارەساتە، ئەو دەمە دەبێت هەموو عەقڵیەتی دواکەوتووی کۆمەڵگا ڕەجمکرێ، چونکە کارەسات تەنها لە ڕەجمکردنی جەستەی ژنێکدا نیە، بەڵکو لەوەدایە هەموو ژنێك دوای (دوعا) پرۆژەیەکە بۆ ڕەجمکردن، خودی خۆشەویستی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاَودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبێتە پرۆژەیەك بۆ كوشتن و رەجمكردن، بۆیە دەڵێم دەبێت هەموو ژنان دەست خەنە ناو دەستی یەك و گڕ بنێن بە عەقڵی دواكەوتووی كۆمەڵگاوە و، ئەو شۆڕشە بكەن كە سەدان ساڵە چاوەڕێن بیكەن، ئەو شۆڕشەی خۆیانی پێ رزگار دەكەن لە ددانەكانی ململانێی ئایین و دەسەڵاتی پیاو..

یەكەم هەنگاوی ئەو شۆڕشەش لە دەستوورەوەیە، ئەو بڕگەیە بسڕنەوە و رەجمكەن كە دەسەڵاتی رەهای بەخشیوەتە پیاو، ئەویش یەكەم بە رەتكردنەوە و لەغووكردنەوەی بەندی حەوت كە ئایین دەكاتە بنەمایەك لە بنەماكانی یاسادانان، دواتر دارِشتنەوەی دەستوورەكە بەو شێوەیەی سەد لە سەدی هەموو ماف و ئازادیەكان دەبەخشێتە ژن..

هەنگاوی دووەم ئەوەیە چیدی ژن جەستەی خۆی نەسووتێنێت، بەڵكوو گڕ لە جەستەی بێدەنگی بەدات و بەگژ بیری پیاوسالاریدا بچێتەوە.. سێهەم بەوەی ئیتر لەمەودوا هەر ژنێك سوتا یان كوژرا كەسوكاری دادگایی بكرێن، چونكە بێ شكم لەوەی زۆربەی ئەو كچانەی ئەسووتێن، ئەسووتێنرێن و دواتر ئەڵێن خۆی سووتان.. سێهەم بەوەی لە خوێنی (دوعا) خۆشنەبین، لە خوێنی هەموو ئەو ژنانە خۆش نەبین كە تا ئیستا كوژراون، و داوا و پاڕانەوەی خاوەن دەسەڵاتەكانیش بۆ بەردانی بكەرەكان بخەینە ژێر پێی مرۆڤایەتی و عەدالەتەوە.. دەبا (دوعا) بكەینە سیمبولی خۆشەویستی و عەشق و هەموو ساڵێك جارێك لە یادی شەهیدكردنیدا و جارێك لە یادی رۆژی خۆشەویستیدا یادی بگێڕین..

venusfaiq@yahoo. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.